# گێڕانەوەیەکی شیعری
# لە
# بەندیخانەی پشووەوە

ناوی کتێب: گێڕانەوەیەکی شیعری لە بەندیخانەی پشووەوە
وەرگێڕانی:  هیوا قادر
بابەت: ئەدەب
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ:١٠٠٠دینار
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١١
کوردستان _ سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
kteb@serdam.org
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان ژمارە (١٨٩٦) ی ساڵی ٢٠١١ پێدراوە
**مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

سەرچاوە:

Fernando Morias

PAULO COELHO

Ordens Alkemist

Översättning Mats Mullern

Bazar 2010

پاولۆ کۆیلۆ

# گێڕانەوەیەکی شیعری
# لە
# بەندیخانەی پشووەوە


وەرگێڕانی

## هیوا قادر

سلێمانی ٢٠١١

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی گیرفانی ژمارە (١١٦)**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
**ئازاد بەرزنجی**



پاولۆ کۆیلۆ

پاولۆ کۆیلۆ ئەڵێت: «من ئەو شتانەم بە فیرناندۆ بەخشیوە و بۆم گێڕاوەتەوە، کە تا ئێستا بۆ هیچ کەسێکی ترم نەگێڕاوەتەوە، تەنانەت بۆ خۆشم». فیرناندۆ مۆریاسی نووسەر و ڕۆژنامەنووس، نووسەری کتێبی «پاولۆ کۆیلۆ نووسەری کیمیاگەر»ە، لەم کتێبەدا هەموو بەسەرهات و ڕووداوە سەیرەکانی ژیانی پاولۆ کۆیلۆ و نهێنییەکانی پشتی نووسینی زۆر لە ڕۆمانەکانی ئەگێڕێتەوە، ئەمەش بە سوودوەرگرتن لە خوێندنەوەی یاداشتە تایبەتییەکانی پاولۆ کۆیلۆ خۆی، کە لە ماوەی چل ساڵدا نووسیونی.

نووسەری بەرازیلی پاولۆ کۆیلۆ، لە ڕێی فرۆشتنی سەدان ملیۆن دانە لە کتێبەکانی و پەیداکردنی خوێنەرێکی بێ شومار لە هەموو کیشوەرەکانی دنیادا، وای کرد ببێتە یەکێک لە نووسەرە هەرە بەناوبانگەکان، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕۆمانەکانی وەک «کیمیاگەر، لە پاڵ ڕووباری پیدرادا دانیشتم و گریام، زاهیر، یانزە دەقیقە، پریدا» بۆ زیاد لە سەد و شەست زمانی جیهانی وەرگێڕدران. دیارە هەندێک لەو ڕۆمانانەی بە زمانی کوردیش بڵاوکراونەتەوە.

گێڕانەوەیەکی شیعری لە بەندیخانەی پشووەوە، یەکێکە لەو بەشە تایبەتییانەی ناو کتێبەکەی فیرناندۆ مۆریاسە. ئەم بەشە نووسینی پاولۆ کۆیلۆ خۆیەتی و لە ماوەی مانگ و نیوێکدا لە خەستەخانەی نەخۆشیی دەروونی نووسیویەتی، لە ڕێگەی ئەم گێڕانەوە شیعرییەوە ئێمە بە بەشێک لە ژیانی پاولۆ کۆیلۆ ئاشنائەبین.

پاولۆ کۆیلۆ ژیانێکی ئاڵۆز و سەیر ژیاوە، دوای سەرکێشەییە بەردەوامەکانی و تێکچوونی باری دەروونیی، دایک و باوکی بە زۆر لە خەستەخانەی دەروونی ئەیخەوێنن، دوای ئەوەش بۆ ماوەیەک خەریکی حەشیشەکێشان ئەبێت، دواتر ئەبێت بە گۆرانیبێژی ڕۆک، ماوەیەک دوای جادووی ڕەش

ئەکەوێت، تا دواتر لە بەندیخانەیەکی دەزگای زانیاریی بەرازیلدا بەند ئەکرێت.

ئەو ڕۆحە بزێو و بێ ئۆقرەیەی پاولۆ کۆیلۆ ئارام نابێتەوە تا ساڵی ١٩٨٦، تا ئەوکاتەی دەست ئەکات بە ڕۆیشتن بۆ حەج بۆ سانتیاگۆ، دواتر ئەو سەفەرە ئەبێتە سەرچاوەیەکی داهێنان بۆ بەسەرهاتی ڕۆمانی «سەفەری حەج». دوا بە دوای ئەوە پاولۆ کۆیلۆ ڕۆمانە سەرکەوتووە یەک لە دوای یەکەکانی ئەنووسێت.

فێرناندۆ مۆریاس، سەبارەت بە کتێبی «پاولۆ کۆیلۆ نووسەری کیمیاگەر» ئەڵێت: سەرەتای یەکەم بۆ دەستپێکردنی ئەم کتێبە لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە دەستی پێکرد، کاتێک پاولۆ کۆیلۆم لە فرۆکەخانەی ساینت ـ ئێکسپێری لە شاری لیۆن لە فەرەنسا بینی، ئەوە یەکەم جار بوو پاولۆ کۆیلۆ ئاوا ڕووبەڕوو ببینم. هەروەها ئەڵێت: من وەک ڕۆژنامەنووسێک کە ڕاهاتبووم بۆ بەدوواداکەوتنی کەسە ناسراو و ئەستێرەکانی دنیا، پێم وابوو ئێستا پاولۆ کۆیلۆ لەگەڵ هەندێک لە پاسەوان و ئەو کەسە تایبەتانەدا ئەبینم کە پارێزگاری لە ژیانی ئەکەن، بەڵام ئەو پیاوەی کە دواتر بۆ ماوەی سێ ساڵ بەتەنیا خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری بووم لەسەری تا ئەم کتێبەم نووسی، بەتەنیا بە خۆی و

جانتایەکی شان و جانتایەکی تر کە لە دوای خۆی ڕایئەکێشا بینی. لەو ساتەوە کاری بەدووداچوون و پرسیار و خوێندنەوەی شتە تایبەتی و نهێنییەکان لەلایەن منەوە لەسەر ئەم نووسەرە دەستی پێکرد و لە ماوەی سێ ساڵدا کتێبەکەم تەواوکرد.

دوای دیداری یەکەم بە شەش هەفتە، گەڕامەوە بۆ بەرازیل، چونکە هەموو ژیانی ئەو لە دەوروبەری شاری ڕیۆ بوو. بۆ ماوەی هەشت مانگ لەوێ مامەوە، چونکە دەمویست دوای جێ پێکانی ئەو بکەوم کە لەوێ لە دوای خۆی بەجێی هێشتبوون.

لە هەموو جێیەک دوای پاولۆ کۆیلۆ کەوتم، لوتم ژەنییە ناو هەموو ئەو ڕووداوانەی کە بەسەری هاتبوون، چوومە ئەودیوی شیشبەندە تاریکەکانی کاپاکەباناوە، ئەو مەلەف و نووسراوانەی پەیوەندییان بەوەوە بوو لە کلینیکی دکتۆر ئیراس خوێندمنەوە، تەنانەت چوومە ناو ئەو بەشە ترسناکانەی پەیوەندییان بە دنیای کێشانی ئەوەوە هەبوو، ئەرشیفی پۆلیسی بەرازیلم خوێندەوە، ئەو بەشانەی پەیوەندییان بە شەیتانپەرستییەوە هەبوو، هەروەها پەیوەندییە سەیر و سەمەرەکانی، مێژووی خێزان و خانەوادەیەکم زانی. لەگەڵ هاوڕێ و نەیارەکانیدا قسەم کرد، گفتوگۆم لەگەڵ دۆستە کچ و ژنەکانی سەرەتایدا کرد، شانسی

ئەوەم بۆ لووا لەگەڵ هەندێکیاندا بتوانم پەیوەندی ببەستم، لەوانەی کۆتایی وەک هونەرمەند کرستینا ئۆیتیسیاس.

چوومە ناو ژیانی پاولۆ کۆیلۆوە، چوومە بنجوبنەوانی شتە هەرە تایبەتییەکانییەوە، وەسێتەکانیم خوێندەوە، جۆری ئەو دەرمانانەی خواردوونی، سەیرکردنی حسابی ڕاکێشانە بانکییەکانیم سەیرکرد، تەنانەت بەدوای ئەو منداڵانەشدا گەڕام کە ئەگەری ئەوە هەبوو هەیبن، دوای ئەو هەموو پەیوەندییانەی لەگەڵ ئافرەتاندا دروستی کردبوون.

توانیم هەرە بەنرخترین شتەکانی ئەوم دەستبکەوێت، کە خۆی نووسیبووی دوای مردنی ئەبێت بسوتێنرێن، من چوومە ناو ئەو لاپەڕانەوە و گەنجینەیەک زانیاریم لەسەریان دەستکەوت، لەوانە: سندوقێک، کە پڕبوو لەو دەفتەرانەی لە ماوەی چل ساڵدا یاداشتی ڕۆژانەی تیادا نووسیبوون، هەندێک لەو یاداشتانەی لەسەر کاسێتی تەسجیل تۆمارکردبوون. ماوەیەکی زۆر لە ماڵی پاولۆ کۆیلۆ مامەوە و زۆرینەی ئەو وێنە و دۆکۆمێنت و نامانەی کە بۆی هاتبوون و ئەو ڕەوانەی کردبوون سکانم کردن. دوای تەواوبوونی ئەمانە لە ڕێۆ. بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵی چوومە هەموو ئەو

سەفەرانەی کە ئەیکردن وەک سانتیاگۆ، میسر، پاریس، هامبۆرگ و چەندان شوێنی تر. زۆرینەی ئەو جێ پێ و پارچە بچوکانەی ئەوم دۆزییەوە کە لە ماوەی شەست ساڵی تەمەنیدا لە دوای خۆی بەجێی هێشتبوون.

بەم شێوەیە فیرناندۆ مۆریاس باس لەو کتێبە ئەکات، کە لە ماوەی سێ ساڵدا لەسەر پاولۆ کۆیلۆ نووسیویەتی.

لەم نامیلکە بچووکەدا، تەنها ئەو بەشە ئەخوێنینەوە، لەگەڵ هەندێک زانیاریدا، کە پاولۆ کۆیلۆ خۆی لە خەستەخانەی دەروونی نووسیویەتی.

هیوا قادر

ڕۆژێکی یەکشەممەی مانگی سێپتەمبەری ١٩٦٦، دوای نانخواردنی نیوەڕۆ، کاتێک پاولۆ کۆیلۆ لۆژەلۆژ بە بیجامەیەکەوە بە داڵانەکاندا ئەهات و ئەچوو، تازە لە خوێندنەوەی «گێڕانەوەیەکی شیعری لە بەندیخانەی پشووەوە» تەواوبووبوو، کە ڕۆژی پێشتر دەستی لە نووسینی هەڵگرتبوو. پاولۆ شانازیی بەو بەندە سی و پێنج لاپەڕەییەی نووسینەکەیەوە ئەکرد، کە بە ئامێری پیتچنینەکەی لە ماوەی مانگ و نیوێکدا لە خەستەخانەی نەخۆشیی دەروونی نوسیبووی. ئەبێت ئەو ڕاستییەش بوترێت کە بیرۆکەی ئەم نووسینەی لەو نووسینە ئۆرجناڵەی «ئۆسکار

وایلد»ەوە وەرگرتبوو کە بەناوی «گێڕانەوەیەکی شیعری لە بەندیخانەی ڕێیدین»ەوەیە. ئوسکار وایلد دوای هاتنە دەرەوەی لە بەندیخانە، بە تۆمەتی هۆمۆسێکسوێلی نووسیبوی، بۆ ماوەی دوو ساڵیش لە بەندیخانە زیندانی کرابوو.

کاتێک پاولۆ دواهەمین دێڕی نووسینەکەی خۆی خوێندبووەوە «وا ئێمە سەرلەنوێ دەست پێئەکەینەوە» دڵنیابوو لەوەی کە ئەم دێڕە تەنها شەش وشەی بەتاڵ نییە هەڵیبژاردبێت بۆ کۆتاییهێنان بە نووسینەکەی، بەڵکو سەرلەنوێ دەستپێکردنەوە تەنها یەک مانای هەبوو: ئەویش ئەوە بوو هەرچی زووە لە خەستەخانە بێتە دەرەوە و دەست بە ژیان بکاتەوە. لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر ڕۆژێکیشدا ئەو بیرۆکە ترسناکەی بیرئەهاتەوە کە: ئەگەر بێتو گیرۆدەی دەستی دکتۆرەکان و باوک و دایکی ببێت، ئەوا ئەبێت تا ماوە لەو جێگەیەدا بڕزێت و لە قاتی نۆهەمینی ئەو خەستەخانەیەدابمێنێتەوە.

لە یەکێک لەو ڕۆژانەدا بەدەم چوونە ناو ئەو خەیاڵاتانەوە بێ ئەوەی پاولۆ خۆی پێی بزانێت دوو پەرستاری پیاو لێی دێنە پێشەوە و داوای لێ ئەکەن بۆ بەشێکی تری بیناکە دوایان بکەوێت. ئەوان پاولۆ لەگەڵ خۆیان ئەبەن بۆ ژوورێکی بچوکی کلینیکەکە، کە دیوارەکانی لە کاشین.

لەوێ دکتۆر بنیامین چاوەڕوانی ئەکات. لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا قەرەوێڵەیەکی داپۆشراو بە وردە ئیسفنجی لێیە، نزیک بەویش ئامێرێکی بچوک هەیە، کە هەر لە سەعاتی کارەبای ماڵان ئەچێت، لەگەڵ وایەر و دەسکێکدا - دەسکەکە لەهەمان ئەو کەرەستەی تەعزیبانە ئەچێت، کە پۆلیس بۆ زۆرلێکردنی بەندییەکان و مەجبورکردنیان بۆ دانپیانان بەکاری ئەهێنن. پاولۆ کە ئەمە ئەبینێت ئەترسێت:

«یانی ئێوە ئەتانەوێت کارەبام لێ بەدەن؟»

بە زەردەخەنە و ئەدەبێکی ئاساییەوە کە دەرووناسێک لەسەری ڕاهاتووە، دکتۆر بنیامین «پاولۆ» هێمن ئەکاتەوە:

«پاولۆ، خۆت شپرزە مەکە. تۆ ئەزانیت ئەمە ئازاری نییە. ناخۆشتر ئەوەیە کە خۆت سەیری کەسێک بکەیت کارەبای لێبدەن وەک ئەوەی ئەو کەسە خۆت بیت. هیچ ئازاری نییە.»

پاولۆ بە پاڵکەوتوویی لەسەر قەرەویڵەکە ئەبینێت چۆن پەرستیارەکە بۆرییەکی پلاستیکی ئەخاتە دەمییەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی ڕەتڵەکردندا زمانی نەکەوێتە ژێر دانی و نەتاسێت. پەرستیارەکەی تریش لە دواوە دێت و ناوچەوانی ئەبەستێتەوە، ئەو وایەرانە، وایەرەکان ئامێری پێوانی لەرەی

دڵی بیردێننەوە. لە کاتێکدا دیقەتی ئەو پەڵە هەڵکەندراوانەی سەقفەکە ئەدات، ئامێرەکە دائەگیرسێنن. چارەسەرکردنی لێدانی کارەبا دەست پێ ئەکات. کاتێک یەکێک لە پەرستارەکان دوگمەکە با ئەدات وەک ئەوە وایە پەردەیەک لەسەر چاوی پاولۆ لابدرێت. مەودای بینین تەسکە، چاو لەسەر تەنها خاڵێک ئەبرێت و دواتر هەموو شتێک ڕەش ئەبێت. لەگەڵ هەموو ڕاتەکانێکدا جەستەی بێ هیچ کۆنترۆڵێک ڕائەوەشێت و بە خوڕ لیک بەدەمیدا دێتە خوارەوە، وەک ئەوەی بڕشێتەوە کەفێکی سپی لەدەمییەوە دێتەدەرەوە. پاولۆ هەرگیز نەیتوانیوە بزانیت کە ماوەی هەر یەکێک لەو چارەسەرکردنانە چەندی خایاندووە، چەند دەقەیەک؟ سەعاتێک؟ ڕۆژێک؟ هیچ کاتێکیش وەزعی پەرێشان نەبووە. کاتێک هۆشی هاتووەتەوە بەبەردا هەستی کردووە لە بەنجکردنێکی گشتی بەخەبەردێتەوە: یادەوەرییەکانی نەماون و هەندێک جار چەندان سەعات بە چاوی کراوەوە لەسەر قەرەوێڵەکەی پاڵکەوتووە، پێش ئەوەی دووبارە هەست بەخۆی بکات و تێبگات لە کوێ بووە و لەوێ چیی کردووە. سەرباری ئەوەی پەرستارەکان دوای ئەو چارەسەرکردنە کارەباییانە دەموچاویان تەڕکردووە و یەخەی بیجامەکەیان بۆ چاککردووەتەوە و هیچ

ئەسەرێکیشیان لە ژوورەکەدا بەجێ نەهێشتووە، کە نیشانەی ئەو جۆرە چارەسەرکردنە توندوتیژەی پێوە دیاربێت. سەرەتا وا دیاربووە تەوژمی ئەو کارەبالێدانە ئەوەندە بەهێزبووبێت کە خانەکانی مێشکی تێکدابێت، بەڵام دکتۆرەکە ڕاستی ئەکرد: هیچ ئازاری نەبوو.

پاولۆ بەدەم تامکردنی تامێکی تاڵ لە دەمیدا دوانیوەڕۆیەکی درەنگ بەخەبەردێتەوە. هەمیشە دوای ئەو چارەسەرکردنانە وەک لە خەونێکی قورس بێداربووبێتەوە، هەستی کردووە سەری و ماسولکەکانی پێکەوە لەیەکبوونەتەوە، وەک پیاوێکی پیر و پەککەوتە بە هێواشی لە جێگەکەی خۆی هەستاوە و بەرەو شیشەبەندی بەر پەنجەرەکە چووە. لە دەرەوە ئەبینێ باران وردە وردە ئەبارێ، بەڵام لەبیری چووەتەوە ئەو ژوورە کوێ بوو کە دوای چارەسەرکردنەکە ئەویان بۆ بردووە. هەوڵی داوە بیهێنێتەوە یادی خۆی کە لە پشتی دەرگاکەوە چی هەیە، بەڵام بیری نەکەوتووەتەوە. کاتێک ویستویێتی بەرەو ئەو شوێنە بچێت، بەڵام بەهۆی ئەو کارەبالێدانەوە هەستی بە بێ هێزیی قاچەکانی کردووە و جەستەی لەدوای نەهاتووە. بەزەحمەت لە ژوورەکە چووەتە دەرەوە. لە دەرەوە ڕاڕەوێکی درێژ و چۆڵی بینیوە و ئارەزووی

ئەوەی کردووە کەمێک پیاسە بە سەرقەبرانی ئەو زیندووانانەدا بکات. بێدەنگی ناو ئەو ڕاڕەوە سپی و تەعقیمکراوە هێندە گەورەبووە خشەخشی نەعلەکانی بە هەموولایەکدا بڵاوبوونەتەوە. لەگەڵ هەر هەنگاو هەڵهێنانەوە و بەرەوپێش چوونێکی بەپاڵ ئەو دیوارانەدا کە بەلایاندا ڕۆیشتووە، هەستی بە بڕستلێبڕان و ژانی ئەژنۆکانی کردووە. دیوارەکان هێندە لە یەکتری نزیکبوونەتەوە ئەویان لەنێوان خۆیاندا بە شێوەیەک چەسپکردووە، کە ئیتر ئەو نەیتوانیوە بەرەو پێشەوە بڕوات. بۆیە بە هەترەشبوونێکەوە ئاوا باسی ئەو حاڵەتە ئەکات:


«گەر من هەر ئاوا بێ جوڵە بوەستم هیچ شتێک ڕوونادات. گەر لە جێی خۆشم بجوڵێم دیوارەکان ئەڕوخێنم، ئەگەرنا ئەوا دیوارەکان من وردوخاش ئەکەن.»

ئەبوو ئەو چیی بکردایە؟ هیچ. ئەو بەبێ جوڵە لەویادا ئەوەستێت، بەبێ ئەوەی ماسولکەیەک چییە بیجوڵێنێت. خۆشی نەیئەزانی چەندە ئەبێت لەویادا بێ جوڵە وەستاوە، بەڵام لە کۆتاییدا پەرستارێک دێت و قۆڵی ئەگرێت و بە ئەسپایی ئەیباتەوە ژوورەکەی خۆی و لەسەر قەرەویڵەکەی پاڵی ئەخات. کاتێک خەبەری ئەبێتەوە هەستئەکات کەسێک لە پاڵیدا وەستاوە، کەسێک کە پێئەچێت

له کاتی خەوتنی ئەودا قسەی لەگەڵ کردبێت. ئەو کەسەش «لوسی کارلۆس»ـە، بیمارێکی ژوورەکەی تەنیشتی خۆیەتی، پیاوێکی دووڕەگە و زۆر حەزی لە قۆشمەبازییە، لەبەردەم ئەو کەسانەدا کە پێشتر نەیانبینیوە و نایناسن خۆی لاڵ ئەکات. ئەویش وەک هەموو کەسە بیمارەکانی تری ناو ئەو خەستەخانەیە سەلماندبووی کە شێت نییە. لوسی کارلۆس وەک ئەوەی نهێنییەکی خەتەرناکی دەوڵەت بدرکێنێت، بە چرپە بە پاولۆ ئەڵێت: «من بۆیە لێرەم چونکە ئەمەوێت خۆم پێشوەخت خانەنشین بکەم»، «بەڵگەیەکیشم لە دکتۆرێکەوە پەیداکردووە بۆ پێش وەخت خانەنشینکردنەکەم، چونکە نەخۆشیی دەرونیم هەیە و وەکو شێتێکیش بۆ ماوەی دوو ساڵە لێرەم».

پاولۆ نایەوێت ژیانی لەو خەستەخانەیەدا تەنها بریتی بێت لە گوێگرتن لەو جۆرە چیرۆکانە. کاتێک دایک و باوکی دێن بۆ سەردانی، لە بەردەمیاندا لەسەر ئەرزەکە ئەکەوێتە سەر چۆک، ئەگری و باوەشیان پیائەکات، کە لێرە بیبەنە دەرەوە، بەڵام وەڵامەکانی ئەوان وەک هەمیشە ئەوەیە کە ئەڵێن: «چەند ڕۆژێکی تر چاوەڕی بکە، تۆ خەریکە چاک ئەبیتەوە، دکتۆر بنیامین چەند ڕۆژێکی تر لێرە ئەتکاتە دەرەوە.»

فرناندۆ مۆریاس



پاولۆ کۆیلۆ لە سەردەمی گەنجیدا

# گێڕانەوەیەکی شیعری

# لە
# بەندیخانەی پشووەوە

## چوارشەممە ٢٠ی یولی ١٩٦٦

سەعات ٨:٠٠

کەسێک خەبەری کردمەوە بۆ ئەوەی ڕێژەی پەستاوی خوێنەکەم بپێون. تا ئەو کاتەش بە باشی خەبەرم نەبووبووەوە و پێم وابوو هێشتا هەر خەون ئەبینم. زۆری برد تا لە کۆتاییدا وردەوردە تێگەیشتم کە ڕاستییە. پێیان وتم زوو جلەکانم لەبەرکەم. لە دەرەوەی دەرگای خانووەکەوە ئۆتۆمبیلێکی فریاکەوتنی نەخۆشیی دەرروونی وەستابوو. هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم بە سواربوونم بۆ ناو ئەم جۆرە ئۆتۆمبیلە تووشی ڕەشبینییەکی ئاوها ببم.

هەندێک لە دراوسێکان بە دزەچاوێکەوە سەیری ئەو کوڕە باڵابەرز و لاواز و قژ درێژەیان ئەکرد کە ئەیویست سەری خۆی دابنەوێنیت تا سواری ئۆتۆمبیلەکە ببێت. لە کۆتاییدا توانیی سەری خۆی دابنەوێنێت و سەربکەوێت.

سەعات ٩:٣٠

بەڕێکردنە بیرۆکراتییەکان تەواوبوون. ئەوەتا سەرلەنوێ من لە قاتی نۆهەمینم. هەموو شتێک خێرا تێپەڕی! وەک دوێنێ درەنگانێک لەگەڵ ڕێنیدا چووم بۆ شار، تۆزێک نیگەران بووم، بەڵام هەرگیزیش چاوەڕوانی ئەمەم نەئەکرد لە خۆم. ئەوەتا سەرلەنوێ من لێرەم، چونکە نامەوێت لەسەر شەقام شەو بەسەربەرم. بیر لەو ئەکەمەوە، هەندێک جاران هەست بە کەمێک دڵپڕبوون ئەکەم.

هەمووان لێرە لێکەوتە و خەمبارن، زەردەخەنەیەک چییە لە سەر ڕوویان نییە. نیگاکان تیژن، وەک ئەوەی بەدوای کەسێکدا بگەڕێن، یان بەدوای خۆیاندا. هاوڕێی ژوورەکەم برازای وەزیرێکی گرنگە. عاشقە مردنە. منیش لە داخی ئەو بە گیتارەکەم ئاوازێکی غەمبار ئەژەنم. شتێکی چاکە لێرە گیتارێکت هەبێت. بۆئەوەی بتوانیت هەموو

شتێک فەرامۆش بکەیت و تۆزقاڵێک خۆشیت پێ ببەخشێت، هەروەها بۆئەوەی ئەم کەشوهەوا دڵتەنگەش فەرامۆش بکەیت. دڵتەنگییەکی هێندە قوڵی وایە، هیچ هیوایەکی تێدا سەوزنابێت و بیری هیچ شتێکی ژیانیش ناکەیت. گەر ئەوان بتوانن گۆرانی بڵێن، ئەوە بۆخۆی دڵنەواییکردنێکە.

سەعات ١٥:٠٠

قسەم لەگەڵ کوڕێدا کرد کە دوو ساڵە لێرەیە. پێم وت من ناڕەحەتم و ئەمەوێت لێرە بڕۆمە دەرێ. بەڵام ئەو زۆر بە ڕێک و ڕەوانی پێی وتم: ”باشە بۆچی؟ ئێرە عەیبی چییە. شتێکی ئەوتۆ لێرە نییە خەمی بەدەستەوە بخۆیت. ئیتر بۆ هەوڵی چوونەدەرەوە ئەدەیت؟ من لە ناخەوە حەزم بە هیچ شتێک نییە.“هەست ئەکەم ئەترسم. ئەترسم منیش دەستبکەم بەم جۆرە بیرکردنەوەیەی ئەو. هەست بە پەژارەیی ئەکەم. پەژارەیی بەرامبەر ئەوەی نازانم کەی من ئێرە بەجێدێڵم و کەی چیتر لەو دیوی شیشەکانەوە سەیری دنیا ناکەم. ئەمە پەژارەییەکی ئەوتۆیە، گوزارشت ناکرێت. وەک پەژارەیی زیندانییەک وایە بە زیندانی هەتاهەتای حوکمدرابێت، بەڵام بشزانێت کە ڕۆژێک هەردێت بە

مەرجەوە ئازاد بکرێت. بەڵام ئاخر ئەو ڕۆژە کەی دێت؟ مانگێکی تر؟ سێ مانگی تر؟ ساڵێکی تر؟ یان هەرگیز نایەت؟

سەعات ١٧:٠٠

یان هەرگیز نایەت؟

سەعات ١٩:٢٠

من بۆم نییە ئەم قاتە بەجێبهێڵم، تەنانەت بۆم نییە تەلەفوون بکەم و نامەش بنووسم. کەمێک لەمەوبەر ویستم (بە دزییەوە) لەگەڵ ڕێنی قسەبکەم، بەڵام ئەو دانیشت و دەستی کرد بە نانخواردن. ئەگەر ئەو وای نەکردایە؟ باشە ئەمویست چی بڵێم؟ داوای لێبووردن ئەکەم؟ چ هەرایەکم ناوەتەوە؟ ئەمویست بڵێم چی؟ ئەمویست لەگەڵ کێ قسە بکەم؟ ئەی خوای گەورە، تا ئێستاش بە ڕاستی هەر ئەمەوێت قسەبکەم؟

باشە بەڵام ئەوانەی قبووڵی ئەوەیان کردووە لەم بەندیخانەیەدا بمێننەوە، کاریگەریی زۆرم لەسەر دائەنێن. ئەترسم ڕۆژێک منیش وەک ئەوان ئەمە قبووڵ بکەم. "هەموو ئینسانێک لە بیست ساڵیدا ئاگرئەکاتەوە و لە چلدا ئەبێت بە ئاگرکوژێنەوە" ـ بەهەرحاڵێک پێم وایە من ٣٩ ساڵ و یانزە مانگم.

من لەسەر سنووری وازهێنانم. کاتێک ئەم دوای نیوەڕۆیە دایکم لێرەبوو، ئەوکاتە هەستم بەم حاڵەتە کرد. ئەو لە تەوقی سەرمەوە سەرنجی ئەدام. من لە یەکەم ڕۆژەوە هەست ئەکەم نیوەی سەرکەوتنم بڕیوە، بەڵام ئەشبێت هەر سەربکەوم.

## پێنجشەممە ٢١ی یولی

سەعات ٨:٠٠

دوێنێ حەبێکی قورسی خەوم خوارد و تا تۆزێک لەمەوبەر خەبەرم نەبووەوە. بە درێژایی شەو بەبێ هیچ هۆیەک ئەو هاوڕێیەی لە ژوورەکەمدایە خەبەری ئەکردمەوە و ئەیپرسی دەستپەڕم کردووە؟ ئەمووت ئا و ڕووم ئەکردەوە بەولایا. لە ڕاستیدا نەمئەزانی ئەو بۆچی ئەم پرسیارەم لێ ئەکات. ئەگەرچی دڵنیاش نیم ئەوە خەون بوو یان ڕاستی، بەهەرحاڵێک شتێکی سەیر بوو. فلاڤیۆ، هاوڕێی ژوورەکەم، بۆ ماوەیەکی زۆرە بێدەنگە. کاتێکیش قسەئەکات هەمان پرسیار یەک لەسەر یەک دووبارە ئەکاتەوە: لە دەرەوە چی ئەگوزەرێت و وەزعی خەڵک لە دەرەوە چۆنە؟ بەستەزمانە تا ئێستاش ئەیەوێت پەیوەندیی خۆی لەگەڵ دنیادا نەپچڕێنێت! ئەو شانازی بە ژیانی بۆهیمیی خۆیەوە ئەکات، بەڵام تازە ئەو لێرەیە و ددانی بەوەشدا ناوە کە نەخۆشە. من هەرگیز شتی واناکەم. من ساغ و سەلیمم.

سەعات ١١:٣٠

هەر ئێستا زانیم جزدانەکەمیان بەتاڵکردووە. ناتوانم هیچ شتێک بۆ پاتۆ بکڕم. بەڕاست دوێنێ لەگەڵ پاتۆ قسەم کرد. سۆزی دا کە ئەمڕۆ بێت و سەردانم بکات. ئەزانم هاتن بۆ ئێرە قەدەغەیە، بەڵام ئەمەوێت لەگەڵیدا قسەبکەم. بە تەلەفوون قسەم لەگەڵی کرد، بەڵام بە تۆنێکی گاڵتەجاڕانەوە، بۆ ئەوەی لێی بیشارمەوە کە چەندە خەمۆکم.

خەڵکی ئێرە پێیان خۆشە شتە تازەکانم پیشان بدەن. من لە ناخەوە خۆشم ئەوێن. ڕۆبەرتۆ بەردەوام شتم پیشان ئەدات، کە چۆن ئینسان تەمەن حساب ئەکات، چۆن ڤۆڵت حساب ئەکەیت و ئا لەم جۆرە شتانە. فلاڤۆ خەیاڵ و هۆشی هەر لای ئەوەیە کەسە گرنگەکان ببینێت. تا بڵێی حاڵەتی سەیر و سەمەرە لێرە هەیە. کوڕێک هەموو خەیاڵ و هۆشی لای ئەوەیە بۆنی خواردن بکات، یەکێکی تریان لە ترسی قەڵەوبوون هیچ ناخوات، سێهەمیان هەر باسی سێکس و جیاوازییەکانی سێکس ئەکات. هاوڕێی ژوورەکەم بەخۆی و نیگایەکی وەستاوەوە لەسەر جێگاکەی ڕاکشاوە و خەمبار دیارە، لە ڕادیۆکەوە گۆرانیی "گوڵی مێنینا" پەخش ئەبێتەوە. تۆ بڵێی ئەو بیر لە چی

بکاتەوە؟ بێگومان نیگاکانی نائومێدانە بڕیوەتە خۆی یاخود بەتەواوەتی دەستی لە دنیا شۆردووە، سەرگەردانە، نازانم ئەمەی ئەم ئەیکات بردنەوەیە یان دۆڕاندن؟

قسە لەگەڵ هەندێک لە بیمارەکان ئەکەم. هەندێکیان لە سێ مانگەوەیە لێرەن، هەندێکی تریان نۆ، هەندێکی تریشیان لە ڕاستیدا چەند ساڵێکە لێرەن. من نەهاتووم بۆ ئێرە تاکو لەگەڵ ئەمانەدا بمێنمەوە.

"لە حەوتەمین سەعاتدا تاریکی باڵ بەسەر هەموو دنیادا ئەکشێ تا سەعاتی نۆهەمین، لە نۆهەمین سەعاتدا هاوارئەکات: باوکە، باوکی من، تۆ بۆچی بەجێتهێشتم؟"

مۆسیقا، خۆری ئەودیوی شیشەکان، خەونەکان، هەموو ئەمانە لێوان لێوم ئەکەن لە غەمباری. پۆلیسی تێریسۆم بیرئەکەوێتەوە، لەوێ چۆن گەنجەکانمان بە توانایەکی زۆرەوە لە کات و ناکاتدا ئامادەئەکرد. بۆ چوونە بەردەم جەماوەرێکی دۆڕاو. لەوێ لە ڕۆژە خۆشەکاندا ئەوتوانی ئازادبیت و خۆرهەڵاتن ببینیت، سواری ئەسپ بیت و ماچ بکەیت و زەردەخەنە بتگرێت.

لێرە، هیچ شتێک نییە، هیچ. حەزمان ئەکرد لە ڕێو شانۆگەری بکەین. با ئێستا ئەوان خۆیان

ئەو کارە بکەن. بە ڕاستی ناخۆشە دەست بدەیتە کارێک و دواتر ڕێت نەدەن. زۆر ناخۆشە. تاقەتم نییە شانۆگەریی تر بنووسم، ناشتوانم بخەوم. خەولێکەوتن بە بیرکردنەوەی زۆر ئەزرێت، وا بڕوا بەو زووانە منیش وەک ئەمانەی ئێرەم لێدێت. پارچە ڕۆژنامە لێرە هەبوو پێش ئەوەی بماننێرن بۆ پۆلیسی تیریسۆ. هەرچ شتێکی تر دواتر ڕووبدات ئەیان نووسم، کاتم هەیە.

هەر زۆر کاتم هەیە.

سەعات ١٤:١٠

چاوەڕوانی پاتۆ ئەکەم. دکتۆرەکەم هات بۆ ژوورەکەم بۆ ئەوەی ئەنتۆلۆگیایەکی شیعری فەرەنسیم بداتێ. ئەمە باشە بۆ ئەوەی کەمێک زمانەکە فێربم. ئەو پێی وتم هێمن بوومەتەوە و پێئەچێت ئێرەشم بەدڵ بێت. هەندێک جار کەمێک حەزم لێرەیە. ئێرە دنیایەکی ترە لە پاڵ دنیادا، ئەخۆیت و ئەخەویت و هیچی تر. ئێستا وەک ئەوسا خەیاڵی چوونەدەرەوەم هێندە زۆر نییە، بەڵام ڕۆژێک دێت بیر لە دنیای دەرەوە بکەمەوە و بچمە دەرەوە. دوێنێ خراپتر بوو. پێم وایە چاوەڕوان بکەم باشترە. تەنها بیری ئامێری نووسینەکەم ئەکەم.

من ئەزانم پاتۆ هەرچۆنێک بێت ئەمڕۆ دێت (یان ئەیەوێت بێت). ئەبێت ئەو ئێستا بۆ بینینی ئەوەی کە چیم بەسەرهاتووە کونجکوڵبێت. دواتر ئەو دوو جار تا سێ جاری تر دێت و ئیتر من لەبیرئەکات. ژیان وایە. ناتوانم لە بەرامبەر ئەوەدا هیچ شتێکیش بکەم. تەمەننام ئەکرد ئەو هەموو ڕۆژێک بهاتایە و بە شێوە تایبەتییەکەی خۆی دڵی خۆش بکردمایە، بەڵام ئەمە نابێت. تا ئێستاش نازانم کە ئایا ئەمڕۆ ڕێی پێ ئەدەن بێتە ژوورەوە بۆ لام یان نا. بەڵام هەرچۆنێک بێت خۆشە بیر لە ئەگەری هاتنی بکەمەوە، تا هەست بە چێژی ئەو چاوەڕوانییە گرژە بکەم.

سەعات ١٤:٤٥

سەعات وا بووە بە چارەکی دەوێت بۆ سێ و پاتۆ هێشتا نەهاتووە. تازە نایەت یان ڕەنگە نەیانکردبێتە ژوورەوە.

## هەینی ٢٢ی یولی

سەعات ١١:٥٠

پاتۆ دوێنی هات. وێنەیەکی زۆری خۆی پێبوو، کە لە شارەکان گرتبوونی، سۆزیشی پێدام پێشکەشیان لێ بنووسێت بۆم. من پاتۆم خۆشئەوێت. هەستێکی خەمناکم هەیە لە بەرامبەر ئەوەی کە نەمتوانیوە وەک پێویست هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەم. سارد و دوورەپەرێزبووم لەگەڵیدا. ئەویش زۆر شیرین و نزیکە دڵ و...

تا ئێستا زۆرینەی ئەو شتانەی کە لەماڵەوە ماومن پێم نەگەیشتوون. هەر ئەوەندەی ئامێری چاپکردنەکەم بەدەست گەیشت، ئەبێت ئەو ئەرکەی دکتۆر بنیامین لەسەر پسکیاتری پێی دابووم بەئەنجامی بگەیەنم. کتێبەکەیم خوێندەوە ئەنتۆلۆگیای شیعری فەرەنسی. ئێستا ئەمەوێت "لیۆپاردن"ی "لامپێدۆسا" بخوێنمەوە.

سەیرە، دەستم کردووە بە بیرکردنەوە لەوەی کە لێرە بمێنمەوە.

سەعات ١٢:٠٠

خەریکم واز لەوەبێنم چیتر زاڵ نەبم بەسەر

خەولێکەوتنمدا، نووستنی قورس، بێ خەونبینین، خەوەنوچکە، خەونێک کە لە بیرم بەرێتەوە من لێرەم.

سەعات ١٤:٠٠

ناتوانم لەوە زیاتر لیۆپاردن بخوێنمەوە. ئەم کتێبە، ناخۆشترین کتێبێکە لە ژیانمدا خوێندبێتمەوە، چونکە بە هیچ شێوەیەک سەرنجت ڕاناکێشێت و ئازمایشێکی بێ مانایە. لە لاپەڕە ١٢٢ەوە بە یەکجاری دەستم لێ هەڵگرت. زۆر ناخۆشە خوێندنەوەی کتێبێک تەنها تا نیوەی بچیت، بەڵام چی بکەم ناتوانم، خەوی لێ ئەخستم. هەرچۆنێک بووە ئەبێت بەسەر خەولێکەوتنی خۆمدا زاڵببم.

سەعات ١٤:٢٠

زۆر ناخۆشە، نیوەناچڵ شتێک بکەیت.

سەعات ١٤:٤٥

گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێی ژوورەکەم.

"من نامەوێت لە هیچ کام لەو جێگایانەی لای دکتۆر ئیارس یان لە فلامێنکۆ یان لە کۆپەکەبانا بژیم"...

"ئەی ئەتەوێت لە کوێ بژییت، فلاڤیۆ؟"

“له سەرقەبرانی ساو خوا پاتیستا. لە کەرنەڤاڵی ١٩٦٤ـەوە ژیان هیچ مانایەکی بۆ من نەماوە“.

”بۆچی؟“

”ئەو کەسەی له هەموو کەس خۆشترم ئەویست چیتر نایەوێت لەگەڵم بێت بۆ نواندنی شانۆی مونسیپاڵ“

”ئەوها، خۆت بێ عەقڵ مەکە فلاڤیۆ. هێشتا زۆر ئافرەتی تر ماوە خۆشتبوێن. (پشوو) بۆ هەتا ئێستاش ئەوت خۆشئەوێت؟“

”کچ. نا کچ نییە کوڕە. ئەو لە دەرەوەیە و خەریکی تاقیکردنەوەیە بۆ بەشداربوون لە خوێندنی دکتۆری، کەچی منیش وا لێرەم و چاوەڕوانی مردن ئەکەم“.

”واز لەم قسە قۆڕانە بێنە، فلاڤیۆ“.

”دوێنێ تەلەفوونی بۆ کردم. کەسێکی تەواو کچانییە. زۆر خۆش ئەبوو گەر بهاتایە بۆ ئێرە. لە هەمان ئێوارەی سەماکەدا لەبەر خاتری ئەو خەریکبوو بە خواردنەوەی تێکەڵەیەک لە سپرایتی ئەتەر و ویسکی خۆم بکوژم. کەوتمە خەستەخانەی فریاکەوتن. ئەوەتا ئەمڕۆ ئەبینیت ئەو لە دەرەوەیە و منیش لێرە چاوەڕوانی مردن ئەکەم“.

فلاڤیۆ کوڕێکی سەیرە، پێم وایە تەواو تووشی شیزۆید بووە، بەڵام هەندێک جاریش وەک ئێستا

قسەئەکات. هەست بە خەمباری و بێ دەسەڵاتی ئەکەم. ئەو لێرە زیاد لە جارێک هەوڵی خۆکوشتنی داوە. زۆر جار باسی ژیانی بۆهیمیی خۆی ئەکات و من جۆرێک لە شانازی لە تۆنی دەنگیدا هەست پێ ئەکەم. بەپێی ئەو ئەزموونەی هەمە، هەموو کەسێکی بۆهیمی هەست بە شانازی ئەکات سەبارەت بە ژیانی بۆهیمیی خۆی.

فلاڤیۆ ئەگری.

هاوڕێیان، گەر ڕاستی ڕاستیتان ئەوێت، هەر زۆر بە ڕاستی، زۆرینەی ئەم بیمارانەی کە لێرەن بەهۆی نەبوونی عەشقە لە ژیانیاندا (لەلایەن دایک و باوکیانەوە یان لەلایەن کەسێکەوە). ئەوەی یەکەمیان من ئەگرێتەوە (دایک و باوکم).

سەعات ١٥:٠٠

ئەو بیمارانەی ئێرە هەندێکیان خۆشن. بۆ نموونە ئاپیۆ، پیاوێکی نزیک ٥٦ ساڵە، دوێنێ پێی وتم شۆڕشی بەلشەڤییەکان لەلایەن ئەمەریکاوە یارمەتی دراوە. کوڕێکی تریش هەیە، کە تەنها کەسێکە لێرە لە تەمەنی مندایە، شتی وائەکات هەمووان پێبکەنن. هەندێک جار ئێواران یاریی وەرەقە ئەکەم.

فلاڤیۆ ئەگری، ناتوانم لەوە زیاتر بنووسم.

## شەممە، ٢٣ی یولی

سەعات ١٠:٠٠

دوێنێ ئێوارە توانیم تەلەفوون بۆ لوسی و پاتۆ بکەم. پاتۆ وتی کە ئەو دۆستەکچی منە و زۆریشی خۆشئەوێم. منیش دڵم زۆر خۆشبوو، دیارە هەر لە خۆشمەوە شتی زۆر حەلەقومەلەقم وت. من زۆر هەستیارم، کلاونێکی گەورەم. لە کۆتایی قسەکردنەکانماندا لەگەڵ پاتۆ تەلەفونیستەکە هاتە ژوورەوە و نەمتوانی لەوە زیاتر قسەی لەگەڵدا بکەم. ئەو ڕۆژی دووشەممە دێت بۆ ئێرە. ئەترسم بەهۆی ئەوەوە زۆر سەرەکۆنەی خۆم بکەم. ئەمەش ناخۆشە و هەست بە لاوازییەکی زۆر ئەکەم.

لوسی سۆزی پێدام بە ڕۆژی نیوەڕۆ بێت بۆ ئێرە.

ئێستا لە نزیک منەوە کەسێکی جارِسکەر هەیە ناوی مارکۆسە. لەو کاتەوەی کە جاری پێشوو من لێرە چوومە دەرێ، ئەو هاتۆتە ئێرە. بۆ ساڵێک ئەبێت. هەمیشە ڕادیۆکەی من ئەبات بۆ ئەوەی گوێ لە یاریی فتبۆڵێن بگرێت.

بەشێوەیەکی دیبلۆماسییانە لە ژوورەکەی خۆم کردمە دەرەوە.

سەعات ۲۰:۳۰

سەعات هەشت و نیوی ئێوارەیە، بەڵام لێرە هەست ئەکەیت زۆر درەنگە. لوسی هات، وای لێکردم کەمێک مەزاجم باشتربێت. تەلەفوونم بۆ پاتۆ کرد و قسەی هەلەقومەلەقم زۆر کرد.

## یەکشەممە ٢٤ی یولی

ئەمڕۆ بەیانیی ڕۆژی یەکشەممەیە. گوێ لە ڕادیۆ ئەگرم و هەست بە تەنهاییەکی زۆر ئەکەم، کە خەریکە وردە وردە بمکوژێت. بەیانیی ڕۆژی یەکشەممەیە، یەکشەممەیەکی تاریک و ماتە. بێ ئەوەی لەگەڵ کەسێک قسەبکەم، لەودیو شیشەبەندەکانەوە دانیشتووم، لەناو تەنهایی خۆمدا غەرقبووم. حەزم لەم ڕستەیەیە، لەناو تەنهایی خۆمدا غەرقبووم.

ئەمڕۆ بەیانی ڕۆژی یەکشەممەیە. کەس گۆرانی ناڵێت. ڕادیۆکە گۆرانییەکی خەمبار لەسەر عەشق و فرمێسک بڵاوئەکاتەوە. ئەمڕۆ ڕۆژێکە بێ سیما.

پاتۆ زۆر دوورە لێرەوە. هاوڕێکانم زۆر دوورن لێرەوە. دڵنیام ئەوان ئێستا دوای شەوێکی پڕ لە ئاهەنگ و خۆشی ڕاکشاون و نووستون. هەر منم تەنها لێرەم. ئێستا لە ڕادیۆکەوە ڤالسێکی کۆن بڵاوئەکەنەوە. بیر لە باوکم ئەکەمەوە. من بەزەییم بە باوکمدا دێتەوە. ئەبێت چەند ناخۆشبێت بۆ کەسێک کوڕێکی وەک منی هەبێت.

بەم بایەنیی یەکشەممەیە هەست بە مردوویی و نەمانی عەشقی خۆم ئەکەم بەرامبەر ڕێنی. دڵنیام کە عەشقی ئەویش بەرامبەر بە من خەریکە ئەمرێت. دەستەکانم بەتاڵن، هیچ شتێکم نییە بیدەم، بیبەخشم. وەک پەڕەسێلکەیەکی بێ باڵ هەست بە بێ دەسەڵاتی و زەلیلیی خۆم ئەکەم. وەک ئینسانێکی شەڕانی و خراپ هەست بە تەنهایی ئەکەم. تەنها و تەنها لەناو ئەم دنیایەدا.

لێرە هەموو شتێک یەک ڕەنگ و پێشبینی کراوە. پەرێشانانە بە دیار فۆتۆیەکی پاتۆوە ئێشک ئەگرم. دڵخۆشییەکانی من لێرە تەنها پارە و جگەرەکانمن.

## یەکشەممە ٢٥ی یولی

چاولەڕێی تۆم و تا بێت کات نزیکتر ئەبێتەوە، تا بێت غەریبیم بۆ بینینی تۆ گەورە و گەورەتر ئەبێت. دوێنێ لە تەلەفوونەکەدا پێت وتم کە تۆ یاری منیت. زۆر دڵم خۆشبوو بەوەی یارێکم هەیە. کەمتر هەستم بە تەنهایی کرد، تەنانەت دنیاش لە پشتی شیشەبەندەکانەوە جوانتر و جوانتر بوو. هەربۆیەشە ئەمشەو لە بەرامبەر تۆدا ئاوا کراومەتەوە و دڵی خۆم و عەشقی خۆمت پێ ئەبەخشم. کەمێک هەست بە خەمباری ئەکەم، چونکە تۆ زۆر لێمەوە دووریت و ناتوانیت هەمیشە لەگەڵم بیت. بەڵام من کەسێکی گەورەم و ئەبێت بە تەنیا بەرگەی ئەمە بگرم.

سەیرە، لەزەتی موڵکداری داگیری کردووم. دوێنێ بە تەلەفوون لەگەڵ لوسی و ڕیکاردۆ قسەم کرد. ئەوان ڕۆژی سێشەممە دێن بۆ ئێرە. ئەزانم ئەمە بۆ ئەوان ئەزیەتە. لوسی لە خەستەخانەیەک لای باوکییەتی و ڕیکاردیش خەریکی خوێندنەکەیەتی. بەڵام ئەوان هەر دێن. ئەمە من دڵخۆش ئەکات. دیقەتم داوە ئینسان ئەتوانێت خۆشحاڵی و سەرکەوتن لەناو شتە هەرە

ناخۆشەکانیشدا بدۆزێتەوە. من ئەزانم وەک ئەوەی پێم وابوو هێندەش تەنها نیم. خەڵکانێک هەن پێویستیان بە منە و خۆشیان ئەوێم. هەست بە غەمباری ئەکەم، بەڵام دڵیشم خۆشە.

## سێشەممە ٢٦ی یولی

دوێنێ هەموو کتێبی "پیاوەکەمان لە هاڤانا"ی گراهام گرینم خوێندەوە. تا ئێستا کاتم نەبووە "هههە، هههە، هههە" لێکۆڵینەوە بۆ کتێبەکە بکەم. بەڵام کتێبێکی نازداربوو. حەزم لێی کرد.

## یەکشەممە ٣١ی یولی

سەعات ١٣:٠٠

سەعات یەکی ئەمڕۆ، لەو خەستەخانەیە، زانیم لە ناو ٢٥٠٠ بەشداربووی فێستیڤاڵی شیعری ڕۆژنامەی «دیاریۆ دێ ناتیسیێس»دا، لەو کێبەرکێ گشتییەدا نۆهەمین کەس بووم، پلەی دووهەمینیشم لەوانەی خەڵاتی فەخرییان پێدراوە بەدەستهێناوە. ڕەنگە بچمە ناو ئەو ئەنتۆلۆگیەشەوە کە بەم زووانە چاپ ئەکرێت.

دڵم خۆشە. تەمەنام ئەکرد لەوێ بوومایە لە دەرەوە، باسی ئەمەم بۆ هەموو کەسێک ئەکرد، قسەم لەگەڵ هەمووان ئەکرد. بێ ئەندازە من دڵم خۆشە.

لە پشتی شیشەبەندەکانەوە دانیشتووم و بیر لەوە ئەکەمەوە ئاخۆ تۆ بڵێی تاتا منی بیرمابێت؟ من دۆستی یەکەمی ئەو بووم. نازانم ڕەنگە ئەو ئێستا زۆر گەورە بووبێت، زۆر قەڵەو یان زەعیف بێت، یاخود بووبێت بە کەسێکی ڕۆشنبیر یان

کەسێکی ئێجگار کۆمەڵایەتی. ڕەنگە بریندار بووبێت، یان دایکی مردبێت، ڕەنگە گواستبێتییەوە بۆ ڤیللەیەکی گەورە. بۆ هەشت ساڵ ئەبێت من ئەوم نەبینیوەتەوە، بەڵام تەمەنام ئەکرد ئەمڕۆ من لەگەڵ ئەو بوومایە. لەو کاتەوە هیچ هەواڵێکی نازانم. لەم ڕۆژانەدا تەلەفوونێکم بۆی کرد و لێم پرسی ئاخۆ تا ئێستاش لەگەڵ کەسێکدا ماوە کە ناوی کۆیلۆیە. ئەو تەنها وتی ئا و تەلەفوونەکەی داخستەوە.

## شەممە ٦ی ئۆگۆستی

خۆشەویستەکەم، پاتینۆ، هەست ئەکەم لە ئێستادا بێ ئەندازە پێویستم بەوەیە قسەت لەگەڵ بکەم، بەتایبەتی کاتێ دکتۆر بینیامین هەڕەشەی ئەوەی لێ کردم بمدات لە کارەبا و ئینسۆلینم بداتێ، دوای ئەوەی کە شکاتی ئەوەم لێکرابوو من پێشتر حەشیشەکێش بووم، ئێستا هەست ئەکەم وەک حەیوانێکی چواردەور گیراوم لێ هاتووە، کە ناتوانێت بەرگری لە خۆی بکات. من پێویستم بەوەیە قسەت لەگەڵ بکەم. ئەگەر لەم ساتەدا تۆ لێرەبوویتایە ئەوا هەموو کەسایەتیم ئەگۆڕا و ئەمتوانی سیستەماتیکانە بڕووخێم و دەستبەجێ دروست ببمەوە. بۆیە تەمەنا ئەکەم ئێستا تۆ لەگەڵم بوویتایە.

ئەوکات پێکەوە باسی قۆڕترین شتی دنیامان ئەکرد. بە زەردەی سەرلێوەوە ئێرەت بەجێ ئەهێشت و تەمهنای ئەوەشت ئەخواست دوای چەند ڕۆژێکی تر بمبینیتەوە. تۆ هیچ شتێکت نەئەزانی و منیش وام پیشان ئەدا هەموو شتێک باشە. لە دەرگای

مەسعەدەکەوە فرمێسکێکی ڕوودارت لە چاوی مندا ئەبینی و منیش ئەمویست پێت بڵێم باوێشکم هاتووە بەو گفتوگۆ ناخۆشەی نێوانمان. لەسەر جیهازی سیدییەکەش کە خۆت بە قەرز دابوتمێ با گۆرانیی «ئۆلێ ئۆلا»ی «نارا لیۆ» لێبدایە. لە خوارەوەش سەرێکت هەڵبڕیایە و دەستی منت ببینیایە، کە ڕایئەوەشێنم و خواحافیزیت لێ ئەکەم. دواتریش بچوومایەتە ژوورەکەم و دەسەسرێکی تەواوم بە فرمێسکی خۆم تەڕکردایە، بیریشم لەوە بکردایەتەوە کە پێشتر نێوانی من و تۆ چۆن بوو، ئەشبوو چۆن بێت و ئەوەشی کە نەکرا ببێت. ئەوکات دکتۆرەکەش بە خۆی و جانتا ڕەشەکەیەوە بهاتایەتە ژوورەوە و کارەباکەشی بترنجاندایەتە هەرچی شوێنی ناو جەستەمە.

لە تەنیایی شەویشدا گوێزانەکەم بگرتایە بە دەستمەوە، دیقەتی فۆتۆکەتم بدایە کە چەسپاندووتە بە سیسەمەکەوە، ئەو کاتەی کە خوێنم لێ ئەچۆڕێت بە گوێمدا بتچرپاندایە و سەیری زەردەی لێوتم لەناو فۆتۆکەدا بکردایە و بموتایە: «ئەمە خوێنی منە». ئەو کات من بێ هیچ زەردەخەنەیەک، بێ هیچ گریانێک، ئەمردم. زۆر ئاسان ئەمویست بمرم و زۆر شتیش لە دوای خۆم ناکۆتا بەجێبهێڵم.

## یەکشەممە ٧ی ئەوگۆستی

دیالۆگێک لەگەڵ دکتۆر بینیامین.

«تۆ هیچ حورمەتێکت نییە. دوای وەرگرتنی پێشووت لێرە، پێم وابوو هەرگیز جارێکی تر ناگەڕێیتەوە بۆ ئێرە، خۆت هەرچیت لەدەستبێت ئەیکەیت بۆ ئەوەی ڕزگارت بێت، کەچی وادەرنەچوو. ئەوەتا دیسانەوە تۆ لێرەیت. تۆ ئەم ماوەیە بە چی گەیشتیت؟ بە هیچ. چ سوودێکت بینی لە چونت بۆ پۆلیسخانەی تیریسۆ؟ چیت لەو سەفەرەتدا حاسڵ کرد؟ ئاخر ئەمە چۆن ئەبێت کە نەتوانیت خۆت فریای خۆت بکەویت؟

«کەس بە تەنها فریای خۆی ناکەوێت»

«ئێ، ڕەنگە وابێت... بەڵام ئادەی بزانم بۆم باس بکە: بە ڕاکردنت بۆ پۆلیسخانەی تیریسۆ چ شتێکی تازەت دەستکەوت، چیت بردەوە؟»

«ئەزموون»

«تۆ لەو جۆرە کەسانەیت کە بە هەموو ژیاندا

تێئەپەڕێت تەنها بۆ ئەوەی ئەزموون کۆبکەیتەوە.»

«دکتۆر، هەموو ئەو شتانەی کە بە عەشقەوە ئەکرێت، ئەهێنن بیانکەیت. ئەمە فەلسەفەی منە: تەنها عەشقت بۆ کەسێک بەسە وات لێبکات فریای کارەکانت بکەویت.»

«ئەگەر بێتو من لە قاتی چوارەمەوە چوار نەخۆشی شیزۆفرینیا بێنم، ئەوانەی تەواو شیزۆفرینیا داگیریکردوون، زۆر لەم بەڵگانەی تۆ باشتریان پێیە.»

«شتێکی خراپم وتووە؟»

«بێگومان وتووتە! گوێ بگرە: تۆ بەردەوام خەریکی دروستکردنی وێنەیەکیت لەسەر خۆت، بەڵام وێنەیەکی ساختە، بێ ئەوەی درک بەوەبکەیت کە تۆ هیچ شتێکت لەسەر خۆت پیشان نەداوە. تۆ تا ئاستی هیچ خۆت بچکۆلە کردووەتەوە.»

«ئەزانم. هەموو ئەو شتانەی من ئەیانڵێم سەرلەبەر بەرگریکردنە. ئەمەش بۆ خۆم بەسە و هەقم بەسەر کەسی ترەوە نییە».

«ئەوە چییە، تۆ بەرپەرچم ئەدەیتەوە! بەڵام ناتوانیت وابکەیت. باشە بەوەی کە ڕوویداوە ڕازیت. تۆ خۆت خستۆتە ناو دۆخێکەوە و پێشتوایە بۆ خۆت ئیسراحەتیت. ئەگەر تۆ ئاوا بەردەوام بیت، ئەوا من دەستبەرداری بەرپرسیارێتیی خۆم ئەبم

بەرامبەرت و گروپی دکتۆرەکان دێنم بۆ ئێرە تا ئەوان بتدەن لە کارەبا و ئینسۆلین و گلوکۆس و ئەو شتانەت بدەنێ، کە تووشی فەرامۆشیت ئەکەن و هێمنت ئەکەنەوە. بەڵام من بۆخۆم کەمێک کاتی تریشت ئەدەمێ، بۆ ئەوەی تەواو وازبێنیت و ببیت بە پیاو و ئەمەی کە ئێستا هەیە تێی بپەڕێنیت!».

## یەکشەممە ١٤ی ئۆگۆست

### ڕۆژی باوک

بەیانیت باش، بابە. ئەمڕۆ ڕۆژی تۆیە.
سالآنێکی زۆرە تۆ وەک ئەم ساتەی ئێستا بەدەم زەردەخەنەوە لە خەو ڕائەبیت.
تۆ بەدەم زەردەوە تێت ئەڕوانیم، کە بە خۆم و دیارییەکەوە ئەهاتمە ژوورەکەتەوە،
زەردەخەنەکەت بەر ناوچەوانم ئەکەوت و ئافەرینت ئەکردم.
بەیانیت باش، بابە، ئەمڕۆ ڕۆژی تۆیە.
من ئەمڕۆ ناتوانم، هیچ دیارییەکت پێ ببەخشم و هیچیش بەو دڵە ڕاکردووەت بڵێم کە چیتر گوێی لە هیچ وشەیەکی من نییە.
تۆ چیتر ئەو کەسە نییت کە هەبوویت. دڵی تۆ پیربووە،
گوێچکەکانت پڕن لە نائومێدی، دڵت ژان ئەکات.

لێ تۆ تا ئێستاش ئەتوانیت بگرییت. پێشم وایە
لەگەڵ فرمێسکی سڵکەرەوەی
ئەو باوکە سەرسەخت و غەدرکەرەدا ئەگرییت:
ئەگرییت لەبەرئەوەی من لەودیو شیشی پەنجەرەکانەوەم:
چونکە ئەمڕۆ ڕۆژی باوکە و من لە جێیەکی ترم،
ئەمەش دڵی تۆ لێوانلێو ئەکات لە غەم و تاڵی.
بەیانیت باش، بابە. چ خۆرهەڵاتنێکی جوانە،
ئەمڕۆ بۆ کەسانێکی زۆر ڕۆژی ئاهەنگ و شادییە،
بەڵام تۆ مات و عاجزیت. ئەزانم ماتیی تۆ خەتای منە،
من بێ ویستی خۆم بووم بە خاچێکی قورس
بەسەر پشتی تۆوەیە، خاچێک کە گۆشتت ونجڕ ونجڕ ئەکات و
سنگت بریندار.
گومانم نییە لەوەی ئێستا خوشکەکەم بە دەست و دیارییەکی جوانەوە
کە بە قردێلەی کاغەز هۆنیویەتییەوە دێتە ژوورەکەتەوە،
تۆش زەردەیەک بە ڕوویدا ئەکەیت تا ئەویش خەمبار نەکەیت. بەڵام لە ناو قوڵایی ناختا
دڵت ڕزیوە لە فرمێسکا.
من هیچم نییە لە وشە زیاتر، کە لە ناو هەیەجانی

خۆیاندا غەرق بوون،

هیچم نییە بیکەم، لەوە زیاتر عەزابی تۆ زیاتر بکەم،

هیچم نییە بتدەمێ، لە فرمێسک و پەشیمانی زیاتر،

جونکە ئەوەی منی هێنایە ژیانەوە، تۆیت.

ڕەنگە گەر من نەبوومایە تۆ ئێستا دڵخۆشبوویتایە،

دڵخۆشیی پیاوێک بژیایتایە لەوەتەی فامی کردووەتەوە هەوڵ ئەدات

بۆ ئەوەی ژیانێکی ئارام بژی.

ئێستا وا، کە لە هەموو دنیادا ڕۆژی باوکە،

باوکان پاداشتی خۆیان لە بەرامبەر ئەو هەوڵەی داویانە، لە شێوەی ماچێکدا وەرئەگرن.

ئەو شتە هیچەشی کە من بە پارەی مانگانە کەمەکەم کڕیومە

چەندان هەفتەیە بێ دەستلێدان لە چەکمەجەکەدا دانراوە،

بۆ ئەوەی ببێتە دیارییەک، گەرچی بچوکە وەک خۆی،

بەڵام لە ناو دڵی هەموو باوکێکدا بێ ئەندازە گەورەیە.

ئەمڕۆ ڕۆژی باوکە. بەڵام باوکم منی خستووەتە ناو

شێتخانەیەکەوە، زۆر زۆر دوورم،

من ناتوانم ئامێز بە باوکمدا بکەم، لە خانەوادەکەمەوە زۆر دوورم،

لە هەموو کەسێکەوە دوورم، بەڵام ئەزانم کاتێک کە باوکم،

باوکەکانی تر ئەبینێت منداڵەکانیان لە دەوریانن و

عەشقبارانیان ئەکەن،

هەست ئەکات نووکی چەقۆیەکی تیژ بەر دڵە گوناهـ و ڕاکردووەکەی ئەکەوێت.

من تورڕدراومەتە ئێرە و بیست ڕۆژە خۆرم نەبینیوە،

بابە گەر بمتوانیایە شتێکت بدەمێ، لەلایەن منێکەوە کە هیچ ئومێدێکم نییە و بیری هیچ شتێکی ژیانیش ناکەم،

ئەبوو ئەو شتە شتێکی تاریک بوایە.

من بۆیە بێدەنگم. بۆیە ناشمەوێت بڵێم.

"بەیانیت باش، باوکی خۆشەویست، ئاسودەبیت،

تۆ پیاوێک بوویت، شەوێک لە شەوان منت درووستکرد،

دایکم بەدەم ئازارەوە منی بوو،

لە ئێستادا ئەتوانم بەشێک لەو سەروەتەی هەمە

بتدەمی

وەک تۆ کە چۆن بە کاری هێزپڕوکێن

لە دڵی مندا دروستت کردووە."

هیچ شتێکی تر ناڵێم. ئەبێت بێدەنگ بم

بۆئەوەی لەوە زیاتر غەمباری نەکەم،

بۆئەوەی هەست نەکات ئازار ئەچێژم، هەست نەکات من لە ناو ئەم ئارامییە زەبەلاحەی ئێرەدا خەمبارم،

کە هەر تەنها لە بەهەشتدا هەیە، گەر هاتو بەهەشتیش بوونی هەبێت.

بابە، ئەبێت چ عەزابێک بێت کە تۆ کوڕێکی وەک منت هەیە.

بەیانیت باش بابە. بە دەستی بەتاڵەوە

ئەم خۆرە سوور و زەبەلاحەت ئەدەمێ کە هەڵدێت،

بۆ ئەوەی تۆ کەمتر خەمبار و زیاتر ڕازی بیت،

بۆ ئەوەی تۆ باوەڕ بەوە بێنیت سەرڕاستیت و منیش کەسێکی ئاسوودەم.

## سێشەممە ٢٣ی ئۆگەست

ئێستا شەوە و بەیانیش ڕۆژی لەدایکبوونمە. ئەمەویت هەر ئێستا لەم کتێبەدا جۆرە پەیامێک لە گەشبینی و هاویاری بنووسم: بۆیە هەندێک لەو لاپەڕانەی پێشەوەم دڕاند، چونکە تەواو ناڕوون و خەمباربوون. ئەمە قورسە، بەتایبەت بۆ مەزاجی کەسێکی وەک من، کە سەرسەختانە ٣٢ ڕۆژە خەریکم بێ ئەوەی بتوانم بچمە دەرەوە. بڕوام پێ بکەن ئەمە بێ ئەندازە قورسە. ئەگەرچی لە ناخی خۆشمدا ئەزانم کە من خەمبارترین ئینسانی دنیا نیم. خوێنی گەنجی بە دەمارەکانمدا ئەڕوات و ئەشتوانم هەزاران جاری تر سەرلەنوێ دەستپێبکەمەوە.

ڕۆژی پێش یادی لەدایکبوونەکەم. ئەمویست لەناو ئەو دیڕانەی کە شەوێ نووسیبوومن، بەشێک لەو باوەڕەی کە بە خۆم هەمبوو، دروستی بکەمەوە. "پاولۆ، تاقیکردنەوەی چوونە زانکۆت ساڵی داهاتوو بکە، جارێ ساڵانێکی زۆرت لە بەردەمدا

ماوە. شتێکی واشت نییە بە دەستییەوە بنالێنیت. ئیستیغلالی ئەم ڕۆژانە بکە بۆئەوەی کەمێک بیربکەیتەوە و زیاتر بنووسیت. مەکینەی چاپەکەت "ڕۆسێتا" و هاوکاری و پشتگیریکردنی خۆت بۆ شەڕەکان، هەموویان لای خۆتن و هی ئەوەن هەستیان پێ بکەیت. سالینگەرت لە بیرە؟ "ئەزموونەکانت کۆکەرەوە. چونکە ڕەنگە ڕۆژێک بێت ئەم ئەزموونانە ئەوەندە پێش بکەون ببنە مایەی خۆشی بۆ کەسێک. ئەوانەی پێش تۆش ئەکەون، ئەزموون پێشیان ئەخات و ئەبن بە مایەی دڵخۆشی بۆ تۆ. هەموو ئەمانە لە تۆدا ڕەنگئەدەنەوە. خۆت وەک کەسێکی فەرامۆشکراو مەبینە. هەر لە سەرەتاوە هاوڕێکانت دەستگیرۆییان کردیت. فەرامۆشی بەشێکە لە یاسای ژیان. ڕەنگە بۆ تۆش وا باشبێت ئەو کەسە فەرامۆش بکەیت کە بەجێی هێشتوویت. لەسەر ئەمە سەرزەنشتی هاوڕێکانت مەکە، چونکە ئەوان ئەوەی لە دەستیان هاتووە کردوویانە. ئەوانیش تاقەتیان چووە، گەر تۆش لە جێی ئەوان بوویتایە هەر تاقەتت ئەچوو"

## پێنجشەممە ١ی سێپتەمبەر

من لە مانگی یولییەوە لێرەم. لە سەرەتاوە ئەوەی هەمبوو و نەمبوو پەیوەندیی بە ترسنۆکییەوە بوو. هەمووی خەتای خۆمە، بۆ نموونە دوێنی تەنها کەسێک کە دەرزیی لێدرا بۆ ئەوەی بخەوێت، من بووم، لەبەر ئەوەی من تەنها کەسێک بووم بە گوێی پەرستارەکەم کرد و ڕاکشام، لەکاتێکدا ئەوانی تر خەریکی شەڕکردن و هاوارکردن بوون. ڕاهیبەکە لە کچەکەی هاوڕێم زویربووە و لەوکاتەوە سڵاوێک چییە لە من ناکات. ئەوان بەوەیان زانیوە کە من ویستوومە فالینەکان بدزم و ئەوانیش ئەو کارەیان وەستاند. من ئەو فرسەت و پارەیەم لە کیس چوو. ئەوان من و بێرێتانیان دوو قۆڵی پێکەوە بینیوە و خەبەریان لێ داوم.

قەدەغەیە قژ ببڕیت.

ئەمە ڕوونە کە مەبەستیان قژی منە. ئێستا من هەر لە مەلۆتکەیەک ئەچم، لە ناویاندا بوومەتە کەسێکی سڵکەرەوەو ڕەنجێنراو. وا تازە بە

تازە ئەو تەمەننایەم دێتە دی کە کاتی خۆی لێی ئەترسام، ئەویش تەمەننای مانەوەمە لێرە. من چیتر ئارەزووی چوونە دەرەوەم نەماوە. تێکوپێک شکاوم. لە مانگی فەبروەرییەوە قژم نەتاشیوە. ناچار لە خەستەخانەیەکدا خرامە بەردەم هەڵبژاردنی: یان ئەبێت قژم ببڕم، یان نابێت بچمە دەرەوە. ناچار قژبڕینم هەڵبژارد. بەڵام دواتر هەستی ئەوە داگیری کردم کە ئەو تاکە شتەی مابووم، ئەوەشیان لێ زەوتکردم. کاتێک ئەمویست ئەم لاپەڕەیە بنووسم، بیرم لەوەکردەوە کە ئەم نووسینەم ئەبێتە مانیفێستێک بۆ شۆڕش. بەڵام ئێستا تاقەتی هیچ شتێکم نەماوە. گوزەشت، تێپەڕی و ئەولاتریش. من تێکوپێک شکام. چیتر شۆڕش ناکەم. ئێستا تاڕادەیەک لەگەڵ خۆمدا ئەگونجێم.

## شەممە ٣ی سێپتەمبەر

وا ئەم لاپەڕانە تەواو ئەبن و منیش دەست هەڵئەگرم.

ئەم لاپەڕانە بێ هیچ پەیام و بێ هیچ شتێک، بێ هیچ ویستێکی سەرکەوتن

لەناو ڕقی ناخی ئینساندا تێکوپێک ئەشکێن.

ئەمە تەنها بۆ ئەوەبوو هەست بکەیت تەواو هەموو شتێک شکستی هێنا،

وا ئێمە سەرلەنوێ دەست پێ ئەکەینەوە.